# چاككردنی كومه‌لگای كوردستان

**پیشه‌كی بو بزوتنه‌وه‌ی كریكاری له‌ كوردستان**


## ئاسۆ حامدی


**چه‌ند سه‌رخه‌تی بو باسه‌كه:**

1. كومه‌لگای كوردستان ،كومه‌لگایه‌كی نائارام وناجیگیره‌و( بووه)،خاوه‌ن بنه‌مایه‌كی ئابووری به‌رهه‌مهینی به‌رده‌وام گه‌شه‌سه‌ندوو نه‌بووه و نیه، وولاتیكی داگیركراو و ژیرده‌سته‌ی ئیمپراتوریه‌ته‌كانی ناوچه‌ییه و بووه. ئه‌م وولاته هه‌رگیز سه‌ربه‌خویی به‌خویه‌وه نه‌بینیوه و هه‌رده‌م له‌ژیر نیری داگیركه‌راندا په‌یوه‌ندیه ئابووریه‌كانی په‌ره‌پیداوه...هتد.

2. نه‌بوونی ئابووریه‌كی به‌هیز و سه‌قامگیر هه‌روه‌ها نه‌بوونی ئامیره‌به‌رهه‌مهینه‌ره‌كان و شاری پیشه‌سازی كه بتوانی كـۆمه‌لگایه‌كی به‌رهه‌مهین و زیندوو به‌رهه‌مبهینی.نه‌بوونی فرسه‌تی داهینان له كۆمه‌لگادا له گشت بواره زانستیه‌كاندا.

3. وه‌زعیه‌تی كۆمه‌لایه‌تی دواكه‌وتوو له ئه‌نجامی هه‌م ئه‌م هۆیانه‌ی سه‌ره‌وه هه‌م دواكه‌وتووی
كۆمه‌لگا به‌هۆی نه‌بوونی نه خوینده‌واری و نه بوونی كه‌نالیكی ئازاد بۆ ئه‌وه‌ی كۆمه‌لانی خه‌لكی كوردستان بتوانن له ریگایه‌وه په‌یوه‌ندی له‌گه‌ل دونیای ده‌ره‌وه ببه‌ستن. به‌نموونه نه بوونی ریگای ئاوی له ناوچه‌كه‌و پابه‌ند بوون به دونیای بازرگانیدا.

4.بیروباوه‌ری كریكاری و كۆمونیستی له ریگای چینه‌كانی ناوه‌نده‌وه هینرانه نیو كوردستان، میژووی سیاسی ئه‌م دوو بزوتنه‌وه‌یه تیكه‌لاوی یه‌ک نه‌بوون. هه‌رچه‌نده له‌سه‌ره‌تاوه كۆمونیسته‌كان هه‌ولی جددیان دا و له كۆمه‌لگاش وا به كۆمه‌لایه‌تی بوونه‌وه، به‌لام كاریگه‌ریه‌كانی ده‌ره‌كی له ده‌ورانی شه‌ری سارددا بزوتنه‌وه‌ی كۆمونیستی له كریكاران و زه‌حمه‌تكیشان دابراند. ئه‌مه كاریكی زۆر نیگه‌تیڤی له سه‌ر هه‌ردوو بزوتنه‌وه دانا.به‌كورتی دوو میژووی هاوته‌ریب مانه‌وه.

5.نه‌بوونی ئازادی ومافه سه‌ره‌تاییه‌كان بۆ كۆمه‌لگا ، هه‌ر له ئازادی بیرورا تا ده‌گاته ریكخراوبوون، مانگرتن و راپه‌رین.ئه‌گه‌رچی له میژوودا كه‌مێ له‌م ئازادیانه هه‌بوون له ده‌ورانی زوودا به‌لام له سه‌ره‌تای هه‌فتاكان تا ئه‌م دواییانه‌ش كریكاران ئه‌م ئازادیانه‌یان نه‌بووه و نیه.

6. نه بوونی ریكخراو و سندیكای په‌یوه‌ست به داخوازیه‌كانی كریكاران له كوردستان، نه‌قابه‌كان له ده‌ورانیكدا كه كۆمونیزمی رووسیای مۆده‌بوو ئه‌وا نقابه‌كان له عیراق و كوردستان هه‌مان ره‌نگیان هه‌بوو، دوای هاتنه سه‌ركاری حزبی به‌عسیش تا دوای به‌ره‌ی حزبی شوعی عیراق هه‌ر نقابه‌كان مه‌لبه‌ند و كۆنگره‌ی شوعیه‌كان بوون، دوای كه به‌عس ده‌سه‌لاتی زالی په‌یدابوو نقابه‌كان بوون به مه‌لبه‌ندی مخابه‌رات و به‌شیک له ده‌زگاكانی سه‌ركوتی رژیم. نقابه‌كان هیچ سیمایه‌كی كریكاریان نه‌بوو تا كریكاری بتوانی به بیروباوه‌ری جیاواز گه‌شه به كاری نقابی بدا.ئه‌سله‌ن مه‌جالێ نه‌بوو.

7.له ئه‌نجامی سه‌ركوتی سیاسی ، داگیركردن و كوشتن و برین هیچ مه‌دایه‌ک بۆ كریكارو رابه‌ره‌كه‌ی نه‌بوو تا گه‌شه‌بكه‌ن. بۆ یه‌ش له دوای كۆتای ده‌یه‌ی حه‌فتاكان له عیراق به گشتی و له كوردستان به تایبه‌تی هیچ رابه‌ریكی كریكاری له سه‌رئاستی شاریش نه‌ناسرا، هه‌موو مرۆڤه نارازیه‌كان شارراوه‌و موخته‌فی بوون، گشت قاچغ بوو له ده‌سه‌لات.یان ده‌گیراو و زیندانی ده‌كرا یان له سێداره ده‌درا.

8. كۆمونیسته‌كان پیناسه‌یه‌كی دروستیان بۆ كریكار و سوسیالیزم له نیو كۆمه‌لگادا نه‌كردوو مه‌فهومه‌كان به هه‌ڵه به كۆمه‌لایه‌تی بوونه‌وه.
به نموونه ته‌نها كریكاری هیز فرۆشی به بازوو و كریكار بوو له سه‌ره‌تا جوتیاران و كاسبكاران مه‌به‌ستی كۆمونیسته‌كان بوون...هتد . له‌جیاتی ئه‌وه‌ی هه‌موو ئه‌وانه‌ی زێده‌بایی هیزی كاریان ده‌خورێ له ئه‌نجامی فرۆشتنی هیزی كاریان چ به بازوو بی یان به زه‌یین ئه‌وا ئه‌مانه كریكارن و ده‌بێ هه‌ولی جدی بده‌ن بۆ گۆرانی كۆمه‌لگا..جا چ پیشه‌كه‌ی پرۆفسیور بی یان كریكاری پاككردنه‌وه‌ی شار بێ.. ئه‌وا ته‌نها كریكاری بینا كه (عه‌مه‌له) ی ده‌گرته‌وه، ئه‌وانه‌ی رۆژانه هیزی كاریان ده‌فرۆشن و له مه‌یدانی كریكاراندا چاوه‌روانن وه‌ستایی یان خاوه‌ن خانووێ بانگیان بكات به كریكار ناسران .
مه‌فهومی به‌هه‌له شیكردنه‌وه‌ی یه‌كسانی ئینسانه‌كان له نیو كۆمه‌لگادا، كه‌وا كۆمونیسته‌كان له هه‌موو كه‌س زیاتر ده‌زانن مرۆڤه‌كان جیاوازیان هه‌یه،له باری فكری له باری فیزیكی هتد..به‌لام سۆسیالیسته‌كان ده‌لین به‌های مرۆڤه‌كان یه‌كسانن، هه‌مووومان یه‌كین له به‌ها له به‌رامبه‌ر یاسا، له به‌رامبه‌ر لیپرسراویه‌تی...هتد.

بۆیە چینەکانی ناوەراست زۆر دژایەتی دەکەن، ئەوان خواخوایانە نەخزینە نیو چینیکی خوارتر..دەیانەوی روو لەلای سەرە بکەن.کە بۆ هەمووان ناچێتە سەر..
ئەمە کاریگەریەکی لەسەر دابەشکردن و لاوازکردنی چینی کریکار دانا.

9. زۆربەی زۆری رشتەکانی کارکردن عقدی کاری یان بۆ دادەنرا لەلایەن چینەکانی ناوەند کە فەرمانبەرانی دەولەت بوون، جا چ عقدی کاریٚ؟ یان هەر هەموو کارە خسووسیەکان هەر عقدی کاریان هەر نەبوو..لە دونیادا لە بازاری کرین و فرۆشتندا ئەگەر عقدی کار نەبی، خاوەن پارە چ بە بیٚ پارەدەکا، هەر هەلاهەلای دەکات. بۆ رۆژیٚ شیلەی گیانی دەمژیٚ..

10. ئالوگۆرە ئەنتەرناسونالیەکان و ئەقلیمەیەکان ژیان و گوزەرانی چینی کریکاریان هیندەی تر بەرەو هەلبەزینو دابەزین دەبرد. چینی کریکار لە کوردستان قوربانی هەردەمە و بەردەوام بووە و دەبیٚ. لە هەموو دەورانیٚ .لەسەنگەری پێشەوەی ئازادی کۆمەلگادا خەباتی سیاسی و تیکۆشاوەو قوربانی داوە.

**پرسیارێکی گشتی**

دوای ئەم هەموو خالانە کە باسمان کرد لە کوردستانیٚ کە سەرۆکی وولات باوەری بە ئازادی سیاسی هەیە، کە مایەی خۆشحالیە،بۆ نوسینی میژووی ئەم بزوتنەوەیە- ئایا چۆن دەکریٚ سەندیکا و ریکخراوە کریکاریەکان بزوتنەوەیەکی سەراسەری بن لە فدراسیونیکی سەرتاسەری بۆ دەخالەت کردنی راستەوخۆ لە ئالوگۆردان بەکۆمەلگا؟.
ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە گشت کریکاران، کارمەندان لە هەر ئاستیکی کارکردنی فکری یان بازووی بن ببن بە ئەندام لە ریکخراوەو سەندیکا کریکاریەکان و بانگەوازی فدراسیونی سەراسەری بکەن. تا لە ئەنجامی دا بتوانن دەولەت و خاوەنکاران ناچار بکەن بە مفاوەزات کردن لەسەر عقدی کارو چاککردنی ژیان و گوزەرانی کریکاران. لەمەش زیاتر دەبی فدراسیونی کریکاران دەخالەت لە سیاسەت و مەنهەجیەتی بەریوەبردنی کۆمەلگادا بکات. کە ئەمەش مەرجێکی کۆمەلگای شارستانیەتیە.
لەم نیوەدا دەبی دیاردەی تەسەلوتی حزبایەتی لە دەروونی سەندیکا و ریکخراوە کریکاریەکان وون بیت و هەموو بانگەوازی داخوازی چاککردنی ژیان و گوزەرانی کۆمەلانی خەلک بکەن و مەسلەحەتی باڵای نەتەوەیی لەبەر چاو بگرن.ئەمە سەرەتای دەست پێکردنی کۆمەلگای شارستانیە..دەبیٚ دیاردەی نقابەی زەرد لە مەفهومی چەپ کۆتایی پیٚ بیٚ و بانگەوازی هەموومان دەبیٚ بۆ سەرکەوتنی فدراسیونی سەراسەری کریکارانی کوردستان هەولدەین جێگای خۆی بگریٚ. لە هەمان کاتتدا ئازادی بیروباوەر لە نێو فدراسیوندا مەسەلەیەکی حەیاتیە..
بۆ وەلامی ئەم پرسیارە پێویستمان بە دراسیەک هەیە تا بتوانین ئەم وەلامە لە ئەنجامی چەندین فاکتەردا لەگەڵ واقعیاتی مەوجود بەراورد بکەین و هەلبسەنگێنین ، ئەگەر وا دەرکەوت کەوا خودی کریکارانی کوردستان خوازیارن فدراسیونی سەراسەریان پیکبهینن ئەوا ئیمە هەنگاویٚ لە مێژووی ئەم بزووتنەوە نزیک دەبیەنەوە، ئەگەر نا دەبیٚ لە هۆیەکانی بکۆلینەوە..

**بە کورتی :**

نووسینی میژووی بزوتنەوەیەکی لەم چەشنە لە وولاتیکی وەکو کوردستاندا کە تا ئیستا شاریٚ یان مەلبەندیکی پیشەسازی نیە، تا ئیستا کۆمەلگا مشەخۆرە و بەرهەمهێن نیە.ئەوەندە ئاسان نیە.هتد..هتد.
وولاتیکی داگیرکراو و دواکەوتوو هەژار لە ژیر نیری داگیرکەراندا هەردەم لە ژیر هەرەشەو گورەشەدایە،نە خاوەنکار ژیانی مسۆگەرە نە کریکار..زۆر زەحمەتە بۆ کریکاریکی هۆشیار حەلیف و لایەنگر لە دەروونی کۆمەلگادا بۆ خۆیٚ دروست بکات و گەشە بە بزوتنەوەکی بدات. لە لایەکی تردا بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی توانیویەتی لە هەر دەورانیکی بە هێزو لاوازی دا وجودی خۆی لە کۆمەلگادا بەسەلمینیٚ.ئەگەرچی هەوڵ وکۆششەکان هەر دووشەق بوون و دەبن بەلام ئەمە کاریگەری تەواوی مەسەلە ئەنتەرناسیونالیەکانە لە سەر گشت بزوتنەوەکاندا..
میژووی ئەم بزوتنەوەیە یانی بزوتنەوەی کریکاری کۆکراوەی گشت ئیعترازەکانە لە تەمەنی جیاجیای خۆیدا هەر لەو کاتەی کە کریکاریٚ فەسل دەکرا چونکە نارازی بوو بە داگیرکردنی وولات تا ئەوکاتەی کە ئەمرۆ کریکاریٚ داوای کارەبا و ئاو دەکات لە خودی سەرانی وولات..هەموو بزوتنەوە کریکاریەکان یەک سفاتیان هەیە، سەرمایەش لەمە دەگات..ئەم میژووە رۆژی دیٚ باشتر خۆی خۆی دەنوسێتەوە...